## خالید رەشید:

# ئەمڕۆ هۆنراوە لە گۆرانییە کوردییەکان دەربهێنی ئیتر هیچ پەیوەندی بەکوردەوە نامێنێ

ئا: رزگار



هونەرمەند خالید رەشید سالانێکی زۆرە خزمەت بە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی دەکات و بەردەوام هەوڵی داوە لە هونەردا بە ستایلێکی جوان و جیاواز لەو شێوازە کارەی هونەرمەندانی ئێستا کارەکانی بکات و لەهەر کارێکی دا گوێگر هەست بەوە دەکات کە هونەرمەند بەوردی حیسابی بۆ هۆنراوەو ئاواز و ئادای کارەکانی کردووە.

خالید رەشید بەدەر لەوەی کە لە هونەری گۆرانی و موزیکدا توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز بۆخۆی و هونەرەکەی دروست بکات و گوێگرو هەوادارێکی زۆر لەدەوری بەرهەمەکانی کۆبکاتەوە لەگەڵ ئەوەش لەبواری رۆشنبیری و نووسیندا خاوەنی توانایەکی بەرزەو فایلی هونەری جەمار بە پێویستی زانی لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە چەند پرسیارێکی رووبەروو بکاتەوە.

خالید رەشید بەبەراورد لەگەڵ هونەرمەندەکانی دیکە بە ژمارە بەرهەمەکانی کەمتر لە بەرهەمی هونەرمەندانی دیکەیە، بۆیە سەرەتای پرسیارمان لەو بارەیەوە بوو. ئەویش لەوەڵامدا ووتی: بەڕێز من بەرهەمم زۆرە، بەڵام لەشێوەی سیدی کاسێت بڵاوبوونەتەوە، یەکەم کاسێتم لە ساڵی 1995 تۆمارکردووە لەلایەن ئەکادیمیای کوردی لە ئەڵمانیا بڵاوکرایەوە بە تیراژی 250 هەزار کۆپیە کە پارەکەی بۆ شۆڕشی باکووری کوردستان بوو.

ئەو سیدییانە لە پاریس لەلایەن کۆمپانیای (بودا میوزیک)(Buda music) بڵاوکراوەتەوە کە بەتیراژی هەزاران دانە کە لە کەنەداوە تاکو ژاپۆن و روسیا بڵاوکراونەتەوە کە ئەتوانم بڵێم لە یەکەم سیدییە کوردییانەن کە بەگۆی هەموو جیهان گەیشتوون لە سەرەتای دامەزراندنی ئینتەرنێتەوە کە لە رێگەی Buda M. (cinqplanet)، Amazon)) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو کلیپانە کە کردوومن هەر خۆم بەرهەمهێنەری بووم، کە لە چەند دانەیەک تێپەڕ ناکات، کە بۆ تەلەڤزیۆنەکانم ناردوون، لە تەلەڤزیۆن هەندێ کاری کلاسیکم هەیە کە یەکێکن لە شاکارەکانی موزیکی کوردی و کە تا ئێستا لەوجۆرە کارە نەکراون. ناردم بۆ تەلەڤزیۆنێک لە هەولێر شانۆکارێکی ئەماتۆر بەرپرسیارە لە کاری وەرگرتن لە ساڵی 2002 تا ئێستا دای نەبەزناندوون.

دوای ئەو کارە من کەوتمە گومانەوە کە ئەهریمەن داستان نییەو بوونی هەبووەو هەر ماویشە، گەیشتم بەو راستییەی کە بەکر مەرگەوەر نەوەی هەیەو وەجاخیان روون کردۆتەوە ئەگەر مام و نەمردم لە بیرەوەرییەکانم بە درێژ ی باسی چیرۆکی ئەو بەرهەمە دەکەم کە نزیکەی چوار ساڵ پێوەی خەریک بووم و نزیکەی 250 هەزار کرۆنی سویدیم تێدا سەرف کرد، بەڵام نەوەکانی بەکر مەرگەوەرو ئەهریمەن بەو دەردەیان برد، تەنیا یەک پارچەی کلیپی بۆ نەکراوە، لە کوردسات بڵاویان کردۆتەوە، بەڵام ئەوانیش پێیان رەوا نەبینیوم نووسویانە ئامادەکردنی خ.ر لەجیاتی بنووسن ئاوازی من، رەبی مووی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ، هەرکەس گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ. لەم سەرەتایەدا هونەرمەند خالید رەشید زیاتر گلەیی و رەخنەکانی دەربڕی تا گەیشتە پەرلەمان و ووتی: ئەو بەرهەمانەی کە باسم لێوەکردن پارچەیەکیان سروودی نەتەوەییە کە ئێستا پەرلەمانی خۆشەویست لە کردنەوەی پەرلەمان بەکاری دەهێنن جێگای شانازیمە، بەڵام یەک گلەیی بچووکم لێیان هەیە لە مێژووی چ میللەتێکی جیهاندا سڵاوی کۆماری پەرلەمانێک بە بەلاش تۆمار کراوە؟ بۆچی سەرۆکی پەرلەمانی بەڕێز ئەو پرسیارەی نەکرد؟ هەرچەندە من هونەر فرۆش نیم، بەڵام ئەگەر نرخی تۆمارکردنی گۆرانییەکی سەعات لە هەولێر 2500 دۆلار بێت، ئایا دەبێت 25 ژەنیاری پرۆفیشناڵ لە ستۆدیۆیەکی ئەوروپیدا بەشێوەی ئۆرکستراکی گەورە تۆ بڵێی بەبەلاش بێت؟!! مارشی نەتەوەیی25+ ژەنیاری بێگانە+رابەری ئۆرکسترا+ستۆدیۆ!!!

خەریکە بیرۆکەی کتێبێک لەلام گەڵاڵە ئەبێت بەناوی (ئەهریمەن و بەکر مەرگەوەڕ ماون) تایبەت ئەبێت بە داستانی ئەم بەرهەمانەم کە لە ساڵی 2002 لە مۆسکۆ تۆمارم کردوون، 5 پارچە موزیکن لەگەڵ سروودی نەتەوەیی کە موزیکەکان چەند گۆرانییەکی خۆمن کە پێشتر بەشێوەی گۆرانی تۆمارم کردوون.

ئەو زوڵمەی لەم بەرهەمەی من کرا باوەڕ ناکەم لە عیسا کرابێ.

ئەگەر مام و نەمردم سۆز ئەدەم بەخۆم کە ئەو چەند کەسەی ئەهریمەن ئاسا چاویان بەم داهێنانەدا هەڵ نەهات بیان ناسن کە ئەم قوتابیانەی قوتابخانەکانی بەعس و میساقی وەتەنی کێن.

خالید رەشید زیاتر لە بەرهەمەکانی دەدوێ و دەڵێ: من خێزانم هەیەو منداڵم دروست نەکردووە، چونکە نەمویستووە ئەو گوناهەیان لەگەڵدا بکەم و بیانهێنمە ئەم دنیا جەنگەڵەوە گوێشم نەداوەتە ئەو پەندە باوەی کە دەڵێم شوکور وەجاخی روونە.

بەڵام بەرهەمەکانم بە منداڵی خۆم دەزانم جوان بن، باڵا کورت، باڵا بەرز، خێل، زیرەک،...هتد، هەر منداڵی منن و جگەرگۆشەمن، بۆیە تەنانەت کە لە ژیشکیان پرسی وتیان ئەوە بۆ منداڵەکانیشت وەک خۆت هەموو گیانیان درکە، ئەویش لە وەڵامدا وتی ئێوە نایبینن کە لە چاوی مندا چەند نەرم و نۆڵن.

بۆیە هەموو دایک و باوکێک منداڵی خۆی لەهەموو منداڵی جیهان بەجوانتر ئەبینێت.

منیش بەرهەمەکانی خۆم وا دەبینم، ئەگەر ئەمڕۆش نەبێت سبەینێ دێت، هەرچەندە ئەم نموونەیە زۆر دوورە لە بەرهەمی هونەرییەوە،، بەڵام مەبەستم پتر ئەوەیە کە تەنانەت ژیشکیش منالی خۆی بەو هەموو دڕکەوە بە نەرم و نۆڵ ئەبینێ.

ئەمڕۆ زۆرێک لە لاوان روویان لە گۆڕەپانی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی کردوە بەڵام بەردەوام زۆرینەیان رووبەڕووی ئەو رەخنەیە دەبنەوە کە بەرهەمەکانیان شێوازە تەقلیدێکی هونەری گەلانی دەوروبەری کوردستانەو زۆرێکیشیان بۆتۆمارکردنی بەرهەمەکانیان روو لە وڵاتی تورکیا دەکەن. لە وەڵامی پرسیارێک لەبارەیەوە هونەرمەند دەڵێ: هەرچەندە لە چەند چاوپێکەوتنێکی تردا ئاماژەم بەو درزو کەلێنانە کردووەو کۆپیکردن داهێنان نییە هەندێک لاخەبەر پێیان وایە موزیکی کوردی لە رێگەی تورکیاوە دەبێت بە جیهانی وەکو ئەوەی موزیکی تورکی جیهانی بێت، لەهیچ کەناڵێکی ئەوروپی و ئەمریکی گوێت لە یەک گۆرانی تورکی نابێت.

ئاخر ئەگەر کاری کۆپیکردن داهێنان بوایە، ئەوا کۆپی تابلۆکانی بیکاسۆیان بە 5 یۆرۆ نەدەفرۆشت لەسەر جادەکانی ئیسپانیاو ئیتاڵیا، کە هەندێ وێنەکێش هەندێ جار تابلۆی هونەرمەندان لەخۆیان جوانتر ئەکەن، بەڵام رەواجی ئەورۆجناڵەکەیان قەت نابێت.

ئەمڕۆ هۆنراوە لە گۆرانییە کوردییەکان دەربهێنی ئیتر هیچ پەیوەندی بەکوردەوە نامێنێ، موزیک، ئامادەکردن، جۆری وتن، هەمووی نامۆیە بە رۆحی کوردی بەو جۆرەی لای خۆمان پایەگایان بۆ موزیکی خۆیان دانەناوە.

ئەمڕۆ تورکیا هێزە سەربازییەکانی لەسەر سنوورەکان هەمیشە ئامادەیە، لە ساڵی 1974 قوبروسی داگیرکردو ئێستا باکووری قوبرس سەر بە تورکیایە، بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە ئێستاش مرخی لەکوردستانی باشوورو سەروەت و سامانی خۆش کردووەو چاوەڕێی هەلێکە بۆ قۆزتنەوەی.

ویلایەتی موسڵ کە هەموو کوردستانی باشوور دەگرێتەوە بەهی خۆی دەزانێت.

کەچی ئەم گۆرانیبێژە داماوە لاخەبەرانەی خۆمان دەچن، ئەوێیان کردووە بە کاروان سەراو کارەکانیان لەوێ ئەنجام ئەدەن و پارەی کوردستان ئەخەنە دەستی ئەو وڵاتەی کە بەخوێنی سەرمان تینووە، ئەم بڵاوبوونەوەیە ئەنفلۆنزای عوسمانییە هەروا رێکەوت نییە بەڵکو بەرنامەرێژی بۆ کراوە کە پاش دە ساڵی تر گەر وا بڕوا جوگرافیای گۆرانی و موزیکمان دەلکێنە تورکیای داگیرکەرەوەو ئیسپاتی ئەکەن کە بە راستی ئێمە هیچ جیاوازییەکی فەرهەنگیمان نییە ئەگەر کەسێکی بێگانە ئەوروپی یا ئەمریکی کە نە تورکی نە کوردی ئەزانێ گوێ لە موزیکمان بگرێت، بە راستی ناتوانێت لەیەکیان جودا بکاتەوە.

رەنگە ئەم قسانەی من خۆ شنەبێت بۆ ئەو بەڕێزانە، بەڵام دڵنیایام دەکەم کە هیچ گرفتێکی شەخسی لە پشت ئەم قسانەوە نین، بێجگە لە دڵسۆزیم بۆ هونەرو خاک و نەتەوەکەم، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم ئەنفلۆنزایە بەرپرسی یەکەم رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانن کە ئەم بەرهەمانە بڵاو دەکەنەوە.

دوواتر گفتوگۆو رووبەروو کردنەوەی پرسیار دەگاتە سەر سەردانی کردنەوەی هونەرمەندانی کورد لە دەرەوەی وڵات بۆ کوردستان و لەو بارەیەوە لە هونەرمەندمان پرسی بۆچی ئەویش بەشێوەی هونەرمەندانی دیکە سەردانی کوردستان ناکاتەوە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری و بەسەر کردنەوەی دۆستانی هونەرەکەی لە کاتێکدا کە خەڵکانێکی زۆر چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو بەڕێزەن، ئەویش لەوبارەیەوە ووتی: حەزدەکەم بەم هۆنراوەیە وەڵامت بدەمەوە: "لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بوو لە تارانا، بەهەشت گەر بێتە دەشتی رەی بە تارانا گوزەر ناکەم"

ئاخر بەڕێزم، ئەمڕۆ گەندەڵی هەموو جەستەی وڵاتەکەمانی کون کون کردووە، ئەم بواری هونەرەش بێبەش نییە، ئێستا هەندێ گۆرانیبێژ کوردستانیان کردووە بە کاروان سەرا، من دژی ئەوە نیم کە داوەت بکرێن، بەڵام بۆ دەبێ ئا لەمەشدا ناهەقی بکەن، دەچن بە پارەی هەژارانی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە بەپارەیەکی خەیاڵی سیدی تۆمار ئەکەن؟ تۆ بڵێی ئێمە هێشتا نەمان زانیبێ کە بە ئەسڵ سەر بە نەتەوەکانی دیکەبین؟!!

مەحوی واتەنی: "بەهەقم حەق وتووەو بە ناهەق ناهەق" کێ هەیە پێی خۆش بێ سەردانی زێدی باوباپیرانی بکات، هەندێ گۆرانیبێژی پارچەکانی تری کوردستان حاڵیان لە هونەرمەندانی خۆمان باشترە، گەرمیان و کوێستان ئەکەن، لێرە بێ یاخود لەوێ، کۆشکێکی جوانیان ئەوێ.

هەرچی گۆرانیبێژو مۆسیقی و هونەرمەندانی باشوور خۆیەتی هەموو داماو سەرگەردان کراون.

لەگەڵ ئەوانەدا هونەرمەند خالید رەشید زیاتر باس لە هۆکارەکان دەکات کە بەربەستن لە رێی گەڕانەوەی و دەڵێ: لە کوردستان بەداخەوە، بەرژەوەندی تایبەتی و غەریزەیی تەحەکوم ئەکات لەسەر ئەوانەی بڕیار ئەدەن کە کێ بانگ بکەن و کێ غەزەب لێ بگرن.

باوەڕ ناکەم لەسەر جوگرافیای هەموو گۆی زەوی هێندەی وڵاتی ئێمە گەندەڵی هەبێت، ئەگەر کەسێک وڵاتێکی تر شک ئەبات با بفەرموێ لەسەری بنووسێت، بزانین ئەو وڵاتە لەسەر ئەم پلانێتەیە یا نا؟ ئێستا ئێمە کە دێینەوە بۆ کوردستان، دوو شتمان لەبەردەستایە، یا دەبێت بڕۆین تەسلیم بین بە سەفارەتی عێراقی، کە هەموو تەمەنم شەڕم دژی کردووەو خۆم بە عێراقی نەزانیوە بچم ببمەوە بە عێراقی، یا ئەوەتا کە هاتمەوە دەبێ بچم ئیقامە دەربهێنم، پێشتر سەرانەیان لێ ئەسەندین کە دەگەڕاینەوە، ئێستا داوای ئیقامەمان لێ ئەکەن.

لە چ وڵاتێکی جیهاندا چ مرۆڤێکی ئەم دنیایە ناسنامەی خۆی دەکات بە ناسنامەی دوژمنەکەی، رووبارێکی خوێن لە نیوانماندایە، من باوکم و پوورم و دوو پوورزام شەهیدن، بەدەستی رژێمی عێراقی کوژراون، ئێستا من برۆم خۆم بکەمەوە بە عێراقی، کە بە هەزاران عێراقی حاشا لە عەرەبی و عێراقیەتی خۆیان ئەکەن؟!!!.

هەر لە میانی ئەم بەسەر کردنەوەیەدا فایلی هونەری لە هونەرمەند دە پرسێ تۆ لە گۆرانیەکدا وا دادەنێت ئەگەر دونیا گوڵێک بێت ئافرەت رەنگ و بۆیەتی، ئایا ئافرەت بەو شێوەیە لە ژیانی خالید رەشید دا رەنگی داوەتەوە؟ یان وادەزانێت کە ئەو پێگەیەی کە ئەو لەو گۆرانیەدا بە ئافرەتی دەدات، ئافرەتە هونەرمەندەکانی کورد توانیویانە لە هونەردا بۆخۆیانی بنیات بنێن و بوونی خۆیان بسەلمێننۆ یان ئایا تا ئێستا زەمینە سازی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێت تا ئافرەت زیاتر بێنە ناو بوارەکەو بەڕێزیشیا لەوەڵامدا دەڵێ: من گۆرانی بووکی ئێوارەم بۆ هەموو ئافرەتانی جیهان و بەتایبەتی بۆ ئافرەتانی کوردستان وتووە، بۆ چینێکی تایبەتم نەوتووە، پاشان کوا رێگە بە ئافرەتانی بەتوانا

بۆل19

## خالید ڕەشید:ئەمڕۆ هۆنراوە لە گۆرانییە کوردییەکان.. پاشماوە

ئەدرێت بێنە پێشەوە، ئەو ئافرەتانەی کە ئێستا هاتوونەتە ناو بوارەکە ئەوە زۆر کەمن، ئافرەتە ڕۆشنبیرو بەتواناکانمان ڕێگەیان پێنادرێ بێنە پێشەوە، ئەوانیش چونکە خاوەنی ئابڕووی ڕۆشنبیری و بنەماڵەیین، نایانەوێ بکەونە ئەو زەلکاوەوە. چونکە ئەمڕۆ هەر ئافرەتێکی کورد بچێتە لای بەرپرسیارێک کە بەهەقی خۆی داوای کاری لێبکاتن بەچاوی مشتەری سەیری ئەکات، ئەوانەی کە هاتووشن بە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، تاکو ئێستا یاسایەک یاخود دادگایەکی باڵا نییە پارێزگاری لە ماڵی هاوڵاتیان بکات، مەبەستم مەرجەعیەتێکە کە دادگای بێلایەن کاتێ سووکایەتی یا غەرقی کەسایەتی مرۆڤێک دەکرێت خەڵکی نازانن ڕوو لە کوێ بکەن، چونکە هیچ حاکمێک لە کوردستان جورئەتی ئەوەی نیە بەرپرسیارێکی حزبی تۆمەتبار بکات.

ئەگەرنا تا ئێستا یەک مەسئولتان دیوە لە بەردەمی دادگادا؟ ئەی سەرۆک کۆماری مۆدێرنی عێراق دوای ئەوەی کابرا دوو ئافرەتی کوشت بە پارە داوای سوڵحی عەشایەری بۆ نەکرد؟!! ئەی هاوار خەڵکینە لەم بێدادییە، ئەبێ خوا لە کوێ بێ؟!! تۆ بڵێی غەزەبی لەم هەرێمە گرتبێ و سەرپێیشی گوزرەر نەکا پیایدا؟؟!!!

بەپێی ئەوەی کەهونەرمەند یەکێک لەو کوردانەیە ساڵانێکی زۆرە لە دەرەوەی وڵاتدا دەژی و بە یەکێک لە هونەرمەند ڕۆشنبیرەکانیش دادەنرێت خاوەنی بۆچوون و خوێندنەوەی تایبەتی خۆیەتی لە بوارەکاندا، بۆیە لەبارەی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەت کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان پرسیارمان لێکرد کە ئاخۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردستان توانیویانە هونەری ڕەسەنی کوردی بە دنیای دەرەوە بناسێنن؟ یان توانیویانە بینەرێک لە دەرەوەی ئەم وڵاتە بە غەیری کورد بۆ خۆیان دروست بکەن؟ بەڕێزیشی لە وڵامدا ووتی:ئەمڕۆ هەموو نەتەوەو وڵاتێک کەناڵی سەتەلایتی خۆی هەیە، سویدییەک دانانیشێ سەیری کەناڵی کوردی بکات، دووعاش بکە کە سەیری نەکەن، چونکە زۆر ئەکەوێ لەسەرمان، بەڵام ئەگەر کورد تەماشای کەناڵی بێگانە بکات دوو هۆی هەیە، یەکەمیان: نەبوونی ئینتیمای نەتەوەییە. دووهەمیانک بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مایلی هەتاوە ڕەنگە لاوازی بەرنامەکان وا لە کورد بکات سەیری کەناڵی بێگانە بکەن.

لە هەمووکەناڵەکانی جیهان، پرۆگرامی هەفتەیەک پێشتر ئەخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بینەران و هاوڵاتیان بزانن چاوەڕێی کام کەناڵ یا بەرنامە بکەن، بینەری داماوی کورد کۆنترۆڵەکەی بەدەستەوەیە لەمبەر ئەیبا بۆ ئەوبەر، بەرنامەی کەناڵە کوردییەکان وەک گوللەی وێڵ دێن، بێ خۆئامادەکردن تەنانەت شەوانە بەرنامەی ئەو شەوە ناخوێننەوە کەچی نیشان ئەدەن ئەمڕۆ ڕاگەیاندن گەورەترین قوتابخانەی کۆمەڵگایە بەهەر ئاقارێکدا بیەوێت میللەت پەلکێش دەکات، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەم داهێنانە گەورەیەش نەمانتوانیوە بەقەد خۆی سوودی لێ وەربگرین.

لەم وڵاتە دیموکراتیانەدا هیچ پارت و ڕێکخراوێک بۆی نییە ئیجازەی رادیۆو تەلەڤزیۆن لە دەوڵەت وەربگرێ وە بەشێوەی ناڕاستەوخۆش حزب حەقی ئەوەی نیە کەناڵێک بخاتە ژێر کاریگەری و سێبەری خۆیەوە، بۆیە درەنگ یا زوو لە کوردستان ئەم کەناڵانە دەب□ی ئازادی خۆیان ڕابگەیەنن، حکومەت دەبێ هاوکاری ئەم کەناڵانە بێت، بەڵام نابێت بەڕێوەبەری بێت لە سوید بە تەلەڤزیۆن ئەڵێن (Publik Service) مانای خزمەتگای خەڵک. لەم وڵاتانە تەنها لە کاتی هەڵبژاردن و دەنگدان حزبەکان دێن بەرنامەی خۆیان پێشکەش دەکەن، سەرۆکی حزبەکان بەرامبەر یەک دائەنیشن و کەموکورتییەکانی یەکتری بۆ جەماوەر کەشف ئەکەن و بەرنامەی خزمەتگوزاری خۆیان دەخوێننەوە.

ئەوکاتە جەماوەر بڕیار ئەدات کامیان هەڵبژێرێ، کەچی ساڵی بە سەدان کۆبوونەوەی حزبە سەرەکییەکان لە کوردستان ئەکرێ، یەک نەفەر گوێی لێ نییە ئەڵێن چی، تا ئێستا کێ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دیوە بەرامبەر یەک دانیشن و ڕەخنە لەیەک بگرن؟!!